FIB

# بڵاوکراوەی دارایی - حوزەیران ٢٠٢٤

## پێشەکی




ئـەم بڵاوکـراوە داراییـە تایبەتەتـان پێشکـەش دەکەیـن کـە مانگانـە دەردەچێت و ئامانجەکـەی ئاشناکردنی بەکارهێنەرانـە بـە بانکـە دیجیتاڵییـەکان و خزمەتگوزاریـی و تایبەتمەندییەکانیـان، لەگـەڵ خستنـەڕووی نوێتریـن هەواڵـەکان سـەبارەت بـەم بانکانـە، لەسـەر ئاستی ناوخۆیـی و جیهانییش.

بـەو پێیـەی ئێمـە یەکەمیـن بانکـی دیجیتاڵیـی عێراقیـن، بەرپرسیارێتیی سـەرکەوتنی ئـەم شۆڕشـە نەختینەییـە نوێیـەی نـاو بـواری بانکـە عێراقییـەکان دەگرینـە ئەستۆی خۆمـان. وڵاتانی جیهـان پێش ئێمـە پێیان ناوەتـە ئـەم بـوارەوە و سـەرکەوتن و فراوانییەکەیان سـەلماندووە. ئێمـە دەبینـە ڕابـەر بـۆ هـەر لایەنێـک کـە پاش ئێمـە هەنـگاوی دیکـە دەنێت و دڵنیان کـە هـەم بـە نـاو و هـەم بـە نـاوەڕۆک ئێمـە یەکەمیـن بانـک دەبیـن. هەروەهـا ئـەم بڵاوکراوەیـە گرنگیـی بـە هەواڵەکانی بانکی ناوەندیـی عێراقـی و هەمـوو باسوخواسـە پەیوەندیـدارەکان بـە بـازاڕی بانکەکانـەوە دەدات، لەسـەر ئاستی ناوخۆیـی و جیهانیش.

## بانکی یەکەمی عێراق FIB

# یەکەم بانکی دیجیتاڵی لە عێراق




### چۆن خزمەت بە بواری بانکەکان دەکات؟

لەمڕۆدا عێراق خاوەنی یەک بانکی دیجیتاڵییە کە لە لایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە مۆڵەتی پێدرابێت و بەپێی ڕێسا و ڕێنماییەکانی ئەو کارەکانی خۆی ئەنجام بدات. جێی شانازیمانە کە FIB هەر بە ڕاستی بانکی یەکەمی عێراقە لە بواری بانکە دیجیتاڵییەکاندا و هەموو هەوڵێک دەدەین کە هەمیشە شایەنی ئەو نازناوە بێت.

کەواتە، بانکە دیجیتاڵییەکان چین و چۆن خزمەتی بواری بانکی دەکەن لە عێراق؟ هەروەها چاوەڕوان دەکرێت تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوو بن.

بانکە دیجیتاڵییەکان، ئەو بانکانەن کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کار دەکەن و بە باکە نوێیەکان (neo-banks)یش ناودەبرێن. ئەم بانکانە، جۆرە دامەزراوەیەکی دارایی بانکین کە بە شێوەیەکی تەواوەتی و تەنیا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کار دەکەن. بە پێچەوانەی بانکە ئاساییەکانەوە، زۆربەی جار بانکە دیجیتاڵییەکان لە هەر شارێکدا لقێکیان نییە، بەڵکو زیاتر پشت بە ماڵپەڕ و ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایل دەبەستێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی. ئەو خزمەتگوزارییە بانکیانەی کە هاووڵاتی، بازرگان یان دامەزراوەکان پێویستیانە، لەم بانکانەدا لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنی مۆبایلەوە پێشکەش دەکرێن، بۆیە ئەم بانکانە لقیان نابێت و بەڵکو تەنیا ئۆفیسێکی سەرەکییان دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان.

لە کاتی باسکردنی بانکە دیجیتاڵییەکاندا، پێویستە باسی ئەو خزمەتگوزاریانەش بکەین کە وا دەکەن هەبوونی ئەم جۆرە بانکانە شتێکی پێویست و گرنگ بێت. ئەم بانکانە پشت بە جۆرێک پرۆسەی ئەلیکترۆنیی نانەختینەیی دەبەستن کە لە سیستمێکی بانکیی پێشکەوتوودا دەخرێنە کار. بۆیە زۆر گرنگە کە دابینکارانی خزمەتگوزاریی دارایی، ئەزموونێکی دیجیتاڵیی سەرنجڕاکێش پێشکەش بکەن، تاکو باشتر پێداویستییەکانی بەکارهێنەر جێبەجێ بکەن. هەر ئەمەشە کە بانکی FIB کردوویەتیە ئامانجی خۆی، تاکو وەرچەرخانێک لە ئاستی بازاڕی بانکە عێراقییەکاندا بهێنێتە ئاراوە. بە هۆی ئاسانیی بەکارهێنان و جێبەجێکردنی کارەکان بە ئۆنلاین و لە دوورەوە، ئێستا زۆرینەی خەڵک کارەکانیان لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکان و تابلێتەوە جێبەجێ دەکەن. بەکارهێنەر دەتوانێت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ڕاستەوخۆ کارتێکی بانکی دروست بکات کە چەندین تایبەتمەندیی هەیە، ئەمە پارەدانان و حەواڵە و پارەدانی پسووڵە و بەدەستهێنانی داشکاندنیش دەگرێتەوە، هەروەها زۆر بە ئاسانی توانای داواکردنی قەرزی بانکیشی دەبێت.



بیرۆکەی بانکە دیجیتاڵییەکان لەسەر بناغەی ئاسانکردنی پرۆسە و خزمەتگوزارییە بانکییەکان بونیادنراوە، بۆیە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات کە هەرکات ویستیان، کۆتایی بە خزمەتگوزارییەکان بهێنن. هەروەها ئەم جۆرە بانکانە بەردەوام دەیانەوێت هاوشانی نوێترین گۆڕانکارییەکانی بواری دارایی و تەکنەلۆژیا بن، بۆیە گرنگییەکی زۆر بە ئامادەکردن و گەشەپێدانی کادر و توانای مرۆیی دەدەین و وەبەرهێنانی تێدا دەکەین، تاکو کارمەندەکانمان لە ئاستێکی بەرزدا بتوانن خزمەت بە بەکارهێنەران بگەیەنن و تواناکانیان بخەنەگەڕ.

## ئاسانکاری

ئاسانکاری لە دروستکردنی هەژمار و بەڕێوەبردنی باڵانس و دەستڕاگەیشتن بە هەژمارەکە، چونکە بەکارهێنەر دەتوانێت هەموو کاتێک و لە هەموو شوێنێکەوە بە ئینتەرنێت هەژمارەکەی بەکار بهێنێت.

## پارێزراوی

بەهۆی ئەو هاموو پێشێلکارییەی بەرامبەر بە زانیارییە کەسی و تایبەتییەکان دەکرێت لە سەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا، بانکە دیجیتاڵییەکان پرۆگرام و سێرڤەری پارێزراو بەکار دەهێنن بۆ کۆدرێژکردنی داتاکان و پاراستنی نهێنیی بەکارهێنەران، ئەمەش وا دەکات ئاستێکی بەرزی ئاسایشی ئەلیکترۆنی پێشکەش بکەین.

## خێرایی

لەم سەردەمەدا کە هەموو شتێک بە خێراییەکی بێوێنەوە دەچێتە پێش، هەموومان پێویستمان بە دابینکردنی کاتی زیاترە، هەر ئەمەشە کە بانکە دیجیتاڵییەکان جیادەکاتەوە، چونکە دەتوانیت سەرجەم مامەڵەکان بە کاتێکی زۆر کەم ئەنجام بدەیت، بەراورد بەوەی ناچار بیت خۆت بچیت بۆ ئەو لقێکی بانکەکە.

## کەمتر

بەراورد بە بانکە ئاساییەکان، تێچوو، عومولە و باجی بانکە دیجیتاڵییەکان کەمترە.

خزمەتگوزاریی بانکە دیجیتاڵییەکان گۆڕانکارییەکی گەورە لە بواری بانکدا دەهێنێتە ئاراوە، چونکە خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکە لە بواری دارایی و نەختینەدا. ئەم جۆرە بانکانە ئاستێکی باڵای ئاسانکاری، ئازادی و کۆنترۆڵی ژیانی دارایی بە بەکارهێنەران دەبەخشن، ئەمەش سەرکەوتنی بانکە دیجیتاڵییەکان مسۆگەرتر دەکات، کە بە پلەی یەکەم دەکەوێتەوە سەر خودی بانکەکە و ستراتیژەکانی کە بەڕێوەبەرەکان دایدەڕێژن، ئەمە لەپاڵ چۆنێتیی پەیڕەکردنی ستراتیژەکان و کوالیتیی ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکەش دەکرێت. جگە لەمانەش، دوا بڕیار لای ئەو بازاڕەیە کە بانکەکە کردوویەتیە ئامانجی خۆی، بازاڕێک کە تێیدا تەکنەلۆژیا دەستباڵایە و نەوەی نوێ ڕۆشنبیرییەکی بەهێزی تەکنەلۆژیای دارایی و پارەدانان و ناردنی هەیە.

بانکی FIB ئەزموونێکی ناوازەی خزمەتگوزاریی بانکی دیجیتاڵیت پێدەبەخشێت کە لە ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی زۆر باش دەتوانیت لایەنی داراییت بەڕێوە ببەیت و زۆر بە ئاسانی و پارێزراوی مامەڵەکانت ئەنجام بدەیت.

# بانکی ناوەندیی عێراق بە خولی تایبەتمەند کەرتی بانکی بەهێز دەکات



سەنتەری توێژینەوە بانکییەکانی سەر بە بانکی ناوەندیی عێراق بە هاوکاریی ڕێکخراوی ئەڵمانی بۆ هاوکاریی نێودەوڵەتی (GIZ) و پڕۆژەی بەهێزکردنی بەڕێوەبردنی دارایی گشتی لە عێراق (FFM)، بۆنەیەکی بۆ دەستپێکردنی پرۆگرامی بڕوانامە تایبەتمەندەکان ساز کرد، کە لەلایەن زانکۆی فرانکفۆرتەوە باوەڕپێکراوە و لە لایەن یەکێتیی ئەوروپا و حکومەتی ئەڵمانیاوە پارەی بۆ دابینکراوە.

پرۆگرامەکە گرنگی بە کارمەندانی کەرتی بانک دەدات بۆ پەرەپێدانی توانا پراکتیکییەکانیان، چەندین بڕوانامە لەخۆدەگرێت، لەوانە شرۆڤەکاری پارەدانانی بانکی و پسپۆڕی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان.

بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوە بانکییەکانی سەر بە بانکی ناوەندیی عێراق، د. حەیدەر حسێن ئەحمەد، لە پەراوێزی بۆنەکەدا دووپاتی کردەوە، کە بانکەکە بە هاوبەشی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەوڵ دەدات باشترین پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی کەرتی بانک دابین بکات، بۆ بەرزکردنەوە و پەرەپێدانی توانا پراکتیکییەکانیان و هاوشانبوون لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و مەعریفی.

جێی ئاماژەیە کە پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ بڕوانامەی تایبەتمەند لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤ دەست پێدەکات و لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا کۆتایی دێت.




# بانکی ناوەندیی عێراق

## پشتگیری لە ئامانجەکانی پەرەپێدانی ماوەدرێژی ٢٠٣٠ دەکات

ڕۆڵی بانکی ناوەندیی عێراق لە پشتگیریی پەرەپێدانی بەردەوامدا لە ڕێگەی سیاسەتە نەختینەییەکەیەوە دەردەکەوێت، کە گرنگی بە هاندانی وەبەرهێنانی ڕاستەقینە و بەهێزکردنی هەلی گەشەپێدان دەدات، ئەمەش لە ڕێگەی هاندانی چالاکیی پارەدانان لە بانکەکان بۆ پارەدارکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدان، هاوکات ئەمەش ئاستی کارپێکردن و وەگەڕخستنی سەرچاوە مادی و مرۆییەکانی وڵات بەرز دەکاتەوە. لەپاڵ ئەمانەشدا، بانکی ناوەندی پاڵپشتیی چەندین دەستپێشخەری و پارمەتی دەکات تاکو کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر کۆمەڵگە هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدیهێنانی پەرەپێدانی ماوەدرێژ لە بوارە جیاجیاکاندا (دارایی، کۆمەڵایەتی، ژینە، تەکنەلۆژیا).

## کەرتی بانک لە عێراق گەشەسەندنی چۆنایەتیی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت

پارێزگاری بانکی ناوەندی، عەلی ئەلعەلاق، لە کۆنفرانسی "ئاڵنگارییەکانی بەردەم بانکە عەرەبییەکان لە پابەندبوون بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی بانکە نێوەندگیرەکان"، کە لە بەغدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی بانکی و دارایی عەرەبی بەڕێوەچوو، ڕایگەیاند کە کەرتی بانکی پێشکەوتنی چۆنایەتیی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، لە هەمان کاتدا داوای هاوکاری و هەماهەنگیی کرد لە نێوان بانکە ناوەندییە عەرەبییەکان و دامەزراوە داراییە نابانکییەکاندا، بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری و گەشەسەندنی ئابووری.



ئەلعەلاق جەختی کردەوە، "بانکە ناوەندییەکان دوای چەندین دەیە لە کار و ئەرکە تەقلیدییەکان کە جووڵەیەکی ئەوتۆیان تێدا نەبووە، ڕووبەڕووی ئاڵنگەریی زیاتر بوونەتەوە، تاوەکو هەر قۆناغێک تەحەدای جیاوازی لەگەڵ خۆیدا هێنا و پێویستی بە ڕێبازێکی تایبەت هەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان"، ئاماژەی بەوەش دا، "دوای ماوەیەکی زۆر دابەزینی ڕێژەی سوود و هەڵاوسان، ئابووریی جیهانی دەستی کردووە بە ڕووبەڕووبوونەوەی قۆناغێک کە بە هەڵاوسانی بەرز و ئاستی بەرزی قەرزی گشتی و تایبەت دەناسرێتەوە، ئەمەش وای لە بانکە ناوەندییەکان کردووە هەست بە پێویستییەکی بەپەلە بکەن بۆ هێنانی سەقامگیریی دارایی و سەرچاوەی نیگەرانییەکان سەبارەت بە دابەزینی هەڵاوسان بخەنە ناو مۆدێلە داراییەکانیانەوە، هاوکاتی پەرەدان بە ئامرازی ناتەقلیدی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان.

هەروەها گوتی، "لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا، کەرتی بانک لە عێراق پێشکەوتنی چۆنایەتیی بەرچاوی هەبووە بەهۆی ڕێنمایی و سیاسەتەکانی بانکی ناوەندی عێراق، بەو پێیەی بۆیەکەمجار چەمک و پراکتیزەکردنی یاساکانی پابەندبوون، حوکمەت، بەڕێوەبردنی مەترسی، چاودێری، چاودێریی لەسەر بنەمای مەترسی، بەڕێوەبردنی کوالیتیی گشتگیر، بەردەوامیی بازرگانی، خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان و گشتگیری دارایی هێناوەتە ئاراوە و پەیرەوی کردوون".

ڕاشیگەیاند کە "سەرەڕای هەموو ئەم بەرەوپێشچوونانە، هێشتا ئاڵنگەریی گەورە هەیە وەک پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان، پێداویستییەکان و ستانداردەکان"، هەروەها ڕوونی کردەوە کە "ئەم ئاڵنگەرییانە پەیوەندی و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر کراوەیی دامەزراوە داراییە ناوخۆییەکان هەیە بە ڕووی هاوتا نێودەوڵەتییەکانیاندا".




## پەیرەوکردنی ستاریژیی نیشتیمانیی قەرزدان لە عێراق یارمەتیدەرە بۆ زیادبوونی کریدیت لە بانک

بانکی ناوەندیی عێراق ڕایگەیاند، لیژنەیەک بۆ چاودێریی جێبەجێکردنی ستاریژیی نیشتیمانیی قەرزدان پێکهێنراوە، هەروەها ئاماژەشی بەوەدا کە ستراتیژییەکە یارمەتیدەر بووە لە زیادکردنی پارەدانان لە بانک بە بڕی ٧ ترلیۆن دینار.

جێگری پارێزگاری بانکی ناوەندی، عەمار حەمەد خەڵەف ڕایگەیاند، "بانکی ناوەندی ستراتیژیی نیشتمانیی بۆ قەرزدانی بانکی لە عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٤-٢٠٢٩ ئامادەکردووە"، ئەمەش "ڕۆڵی دەبێت لە کەمکردنەوەی بۆشایی قەرز بۆ کەرتی تایبەت بە ڕاکێشانی پارەی دانرا و پێدانی قەرز بۆ پڕۆژە بەرهەمدارە جیاجیاکان".

هەروەها گوتی، سەرکەوتنی ستراتیژەکە پەیوەستە بە هاوکاریی دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی حکومەت، لەوانەش وەزارەتەکانی بازرگانی، پلاندانان، کار، داد و هەروەها یەکێتیی پیشەسازیی عێراقی و کەرتی تایبەتیش، ئەمەش بە کاری هاوبەش بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان".

ئاماژەی بەوەش دا، "دەرفەتی گەورە لە عێراق هەیە بۆ سەرکەوتنی ئەم ستراتیژە، لە ڕێگەی پلانی جۆراوجۆری حکومەتەوە، بۆ بوژاندنەوەی کەرتی تایبەت و چاکسازیی دارایی"، هەروەها "پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند لە بانکی ناوەندییەوە بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ستراتیژییەکە بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتە و دەسەڵاتە تایبەتمەندە پەیوەندیدارەکانە".